خۆپیشاندانی "نەوت" و سەنووری چارەسەرکانی سەرمایەداری.. کاوە کەریم

لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦، ئەکادیمیای زانستەکانی سویدی خۆپیشاندانی ئابووریی بانکی ناوەندی سویدی بە "نۆبڵ"ی ئابووری ناودەبرت ئەلفرێد" بەخشی، بەهای "پڕۆپەدانی بنەما میکرۆئیکۆنۆمیکان و جێگیرکردنی ماکرۆئیکۆنۆمی". ئامانجی سەرکیی تۆژینەوەکانیان پڕۆپەدانی مەدەلە ئابووریییەکانە، بەشێوەیەک کە یارمەتی دەوڵەت و بانکە ناوەندییەکان بدەن کاریگەریی ئاژۆگۆڕە ئابووریییەکان کەم بکەنەوە و بە سیاسەتی دارایی و نەقدییەوە هاوسەنگیی ئابووری بپارێزن.
ئەم خۆپیشاندانە پرسیارێکی گرنگی سیاسی و تیۆریی دەخاتەڕوو: تا چەندە مەدەلە نوێکانی ئابووری دەتوانن قەیرانەکانی سەرمایەداری بەرەوە ببەن؟ ئایا جێگیرکردنی ئابووری بە مانای چارەسەرکردنی هەکارە بنەڕەتییەکانی قەیرانەکان، یان تەنها هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی لە چوارچێوەی هەمان سیستەمدا؟
بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە جیاوازی لە نێوان دوو ئاستی شیکردنەوەدا بکەین: یەکەم، چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئابووری و کەمکردنەوەی تووندیی قەیرانەکان، دووەم، شیکردنەوەی ئەو پەیوەندییە کەمایەتی و چینایەتییانەی کە سیستەمی سەرمایەداری لەسەریان دامەزراوە. ئەم دوو ئاستە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، بەڵام یەک شت نین.
بگومان، مەدەلێکی ئابووری دەتوانێت لە ڕووی تەکنیکییەوە یارمەتیی بەڕێوەبردنی قەیران بدات، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە هەکارە مێژوویی و کەمایەتییەکانی قەیرانەکەی ڕوون کردبێتەوە. هەر لەرەوە ڕەخنەی مارکسیستی دەست پێدەکات: نەک بە تەکردنەوەی هەموو ئامرازێکی ئابووری، بەڵکو بە پرسیارکردن لە سنووری تیۆرییەکان، ئەو پەیوەندییانەی کە دیانخەنە ناو شیکردنەوەکە و ئەو ڕاستییانەی کە لە دەرەوەی چوارچێوەکەیان دەمێننەوە.
لە سەدەی بیستەمدا، سەرمایەداری چەندین قۆناغی قەیران و گۆڕانکاریی سیاسی و ئابووریی بەخۆوە بینی. قەیرانی گەورەی ئابووریی ساڵی ١٩٢٩ و دواتر، لەگەڵ بکاریی بەربڵاو و کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان ڕووبەڕوو بوونەوە. بەیە ئابووریناسان

گشتنی ئەو بۆچوونەی کە بازاڕ بە تەنیا و بێ دەستوەردانی حکومەت ناتوانێت هەمیشە هاوسەنگیی ئابووری بپارێزێت و قەیرانەکانی چارەسەر بکات. لەو بارودۆخەدا، بیرکەرەکانی "جۆن ماینارد کینز" گرنگییەکی تایبەتیان پەیدا کرد. "کینز" پێی وابوو کە لە هەندێک بارودۆخدا، بە تایبەتی کاتێک خواستی کۆمەڵایەتی و وێڕاهێنان دادبەزێت، بازاڕ بەتەنها ناتوانێت بە خێرایی ئابووری بگەڕێنێتەوە سەر ڕێگای گەشەکردن. لەبەرئەوە، دەوڵەت دەتوانێت بە زیادکردنی خەرجیی گشتی، هاندانی داواکاری و بەکارهێنانی ئامرازی دارایی و نەقدییەکان کاریگەری لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان و دامەزراندن دابنێت.
لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە، سیاسەتی "کینزییەکان" لە چەندین وڵاتی ڕۆژئاوا بوونە بەشێک لە سیاسەتی ئابووری. لەهەمان کاتدا، دەوڵەتی ئاسوودە و هەندێک بەرنامەی سۆسیال-دیموکراتی، بەهۆی فشاری بزووتنەوە کرێکارییەکان و کۆمۆنیستەکان و هاوسەنگیی هێزە سیاسییەکان، ڕێگای گرنگیان لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی، پاراستنی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی هەندێک نایەکسانی گرنگ. بەڵام ئەم ڕێگەیە بە هەمیشە بەردەوام نەبوو. لەکاتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای هەشتاکاندا، لەئەنجامی پاشکۆیی مۆدیلی سەرمایەداری دەوڵەتی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات، هەروەها کاریگەریی هەڵاوسانی بەرز، کێشەکانی بەرهەمهێنان و قەیرانەکانی ئابووریی جیهانی، ئاراستەی سیاسەتی ئابووریەکان لە چەندین وڵاتی ڕۆژئاوادا دەستی بە گۆڕانکی بەرچاو کرد. لەم قۆناغەدا، بیرکەرەکانی "نیولیبرالیزم" زیاتر بوونە بنەمای سیاسەتکانی حکومەتەکان، سیاسەتێک کە تایبەتیکردنی هەندێک کەرتی گشتی، کەمکردنەوەی خەرجیی کۆمەڵایەتی و بیمەکان، ئازادکردنی بازاڕ و گەیینی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و سەرمایەی لێخ دەگرت.
لەووی مێژوویەوە، بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ بە" فریدریش هایک " لە ساڵی ١٩٧٤دا دەتوانرێت وەک بەشێک لەهەلومەرجی ئەو کاتە و ملمەلانێی نێوان ئاراستە جیاوازەکانی بیرکردنەوەی ئابووری بخوێندرێتەوە. "هایک" ڕێخنەگرێکی توندی پلاندانانی ناوەندی و دەستتێوەردانی فراوانی دەوڵەت لە ئابووریدا بوو، لە بەرامبەریشدا جەختی لەسەر ڕۆڵی بازاڕ و سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت دەکردەوە. لەبەرئەوە، خەڵاتکەی دەتوانێت وەک نیشانەیەک لە گرنگیی ئەو ئاراستە فکرییە لە مێژووی بیرکەی ئابووریەکاندا لەکبەدرێتەوە. ئەو گۆڕانکارییانە دەرئەنجامی کۆمەڵێک هەکاری ئابووری، سیاسی و مێژوویی بوون، لەوانە قەیرانەکانی ئەو سەردەم و گۆڕانی هاوسەنگیی هێز لەنێوان دەوڵەت، سەرمایە و چینی کرێکار.

لەرەوە پرسیارکی گرنگ دێتە پێشەوە: ئەم گۆڕانە لە سیاسەتە ئابوورییەکاندا چەن پەیوەندیی نێوان دەوڵەت، سەرمایە و چینی کرێکاری گۆڕی؟ ئایا ئازادکردنی بازاڕ و کەمکردنەوەی دەستتێوەردانی دەوڵەت توانای سەرمایەداریی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی زیادکرد، یان لەهەندێک بارودۆخدا، تەنها شێوازی دابەشکردنەوەی تێچووی قەیران و بارگرانییە کۆمەڵایەتییەکانی گۆڕی؟ لەم ڕوانگەیەوە، کێشەکە تەنها ئەوە نییە کە کام سیاسەتی ئابووری کاراترە، بەڵکو ئەوەشە کە سوودی ئەو سیاسەتانە بۆ کام چین و گرووپی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە و تێچووەکانیان لەسەر شانی کێ دەکەوێت؟

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مەدەڵەکانی" بەبڕت هێڵ و مایکڵ وودفۆرد" ئەوەیە کە دیاردە گەورەکانی ئابووری، وەک هێڵاوسان، گۆڕانی بەرهەمهێنان و سووڕەکانی سەروبەرزی و نزمبوونەوەی ئابووری، بە پشتبەستن بە بنەما "میکرۆئابوورییەکان" شیدەکرێنەوە. لەم مەدەڵانەدا، بەیارەکانی خەزان و کەمپانیاکان، چاوەڕوانییەکانیان سەبارەت بە داهاتوو و کاریگەریی سیاسەتی دارایی و نەقدی، هتد.کی گرنگ لە هەونکردنەوەی گۆڕانکارییە ئابوورییەکاندا دەگێڕن. بە نموونە، چاوەڕوانیی خەزان و کەمپانیاکان سەبارەت بە داهاتی داهاتوو، نرخەکان و بەیارەکانی بانکە ناوەندییەکان، دەتوانێت کاریگەری لەسەر خەرجی، وەبەرهێنان و بەیارەکانی ئابوورییان هەبێت. بەڵام لەڕەدا قسە لەسەر دروستی یان نادروستی مەدەڵەکە نییە بەڵکو ئەوە نییە بەڵی ئەم شێوازی شیکردنەوە بەکارهێنەت، پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە ئایا ئەم شێوازی شیکردنەوە، لەگەڵ بەیارە تاکەکەسییەکان، پەیوەندییە مژوویی و چینایەتییەکانی بەرهەمهێنانیش لەبەرچاو دەگرێت؟ یان ئەو پەیوەندییانەی کە بارودۆخێکی دەرەکی و پێشوەختە ئامادەکراو وەردەگرێت، بە ئەوەی چۆنیەتیی پەیدابوون و گۆڕانیان لە ڕەوتی مژوویدا شیکاتەوە؟
لەلای مارکس، ئابووری تەنها کەی بەیارە سەربەخۆکانی تاکەکان نییە. سیستەمی سەرمایەداری لەسەر پەیوەندییەکی دیاریکراوی خاوەندارێتی و بەرهەمهێنان دامەزراوە. لەلایەکەوە، خاوەن سەرمایە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان هەن، لە لایەکی تریشەوە، کرێکاران هەن کە بە بەدەستهێنانی مانەوەی ژیانیان ناچار دەبن هێزی کاری خۆیان بفرۆشن. ئەم دوو پێگەیە تەنها جیاوازیی نێوان ئارەزوو و هەبژاردەی تاکەکەسی نین. ئەوان بەرهەمی مژوویەکی کۆمەڵایەتین کە خاوەندارێتی، دەسەڵاتی ئابووری و توانای بەیاردان بە شێوەیەکی

نادادپەروەرانە و نایەکسان دابەشدەکەن. بۆ نموونە، خاوەن کۆمپانیا دەتوانێت لەسەر بنەمای چاوەڕوانیی قازانج بۆیار لەسەر وەبەرهێنان بدات، بەڵام کرێکاران لەهەمان بازاڕدا لەژێر فشاری دابینکردنی ژیانی خێی و خێزانەکەیدایە. هەردووکیان بۆیار دەدەن، بەڵام لەهەمان پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا نین. ئەم مەسەلە ئەم جیاوازییە لەبەرچاو ناگرێت، هەربۆیە پێوەندییەکی چینایەتیی مەژووویی بە کۆمەڵێک هەڵبژاردەی تاکەکەسی سادە دەکاتەوە.
بەڵام ئەمەش بەمانای نەکردنەوەی هەموو شیکردنەوەیەکی "میکرۆیی" ئابووری نییە. نەخێر لەم مەسەلانە لەوە دایە کە پێوەندییە چینایەتیەکان و پێگەی کۆمەڵایەتی چینەکان حسابی لەسەر ناکرێت و پشتگوێ دەخرێت، ئەوەش کاریگەرێکی گەورەی دەبێت لەسەر ئەنجامەکانی هەر تیۆرییەک، یان چۆن ئەو سنوورە کاریگەرییە لەسەر سیاسەتە پێشنیارکراوەکانی دادەنێت. لەبەرئەوە، پرسیاری ناوەندی ئەمە نییە کە ئایا شیکردنەوەکە لە تاکەکەسەوە دەست پێدەکات یان لە کۆمەڵگەوە، بەڵکو ئەوەیە کە ئایا پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان، کەڵەکەکردنی سەرمایە و دەسەڵاتی چینایەتی دەخاتە ناو ناوەندی شیکردنەوەکە، یان لە دەرەوەی چوارچێوەکەی دەیهێڵێتەوە.
لە سەردەمی ئێستادا، سەرمایەداریی جیهانی بەدەست قەیرانێکی جیهانییەوە دەناڵێنێت، دووچاری کۆمەڵێک کێشە و ناکۆکیی قووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بۆتەوە، کێشەگەلێک کە توانای سیستەمی سەرمایەداری بە بەردەوامبردنی قەیرانکانی خێی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. دابەزینی هێڵەی قازانج، قەیرانی دارایی، بارگرانیی قەرز، نائارامیی بازاڕ و نایەکسانیی داهات و سامان، هەموویان ئەو پرسیارە گرنگە دەخەنە ڕوو کە ئایا ئامرازە باوەکانی سیاسەتی ئابووری دەتوانن لە سنووری کۆنترۆڵکردنی کاریگەرییەکانی قەیران تێپەڕن و هەکارە بنەڕەتییەکانی چارەسەر بکەن.
بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دووچاری مەیلی دابەزینی هێڵەی قازانج بۆتەوە، بەهۆی قەیرانکەوە لە قۆناغێکدا وەستاوە کە ناچارە شێوازەکانی بەردەوامبردن و کۆنترۆڵکردنی پرسە ئابوورییەکانی بگۆڕێت. بەڵام، گۆڕینی ئەم شێوازانە بەمانای ڕزگاربوونی سەرمایەداری لە قەیران نییە. سیاسەتی "ماکرۆئابوورییەکان" گۆڕینی ئامرازەکانی بەردەوامبردنی سەرمایەداری و پاراستنی پێوەندییە ئابوورییە باوەکانە، نەک گۆڕینی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان کە دەتوانن ببنە هۆی گۆڕانکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەرمایەداریدا. چونکە ئاگەر قەیرانەکان بەردەوامبن و شێوازە باوەکانی بەردەوامبردنی ئابووری نەتوانن چارەسەرێکی جێگیر بۆیان بدۆزنەوە، ئەوا لەوانەیە مەرجی مەژووویی بۆ گۆڕانکارییەکی

قووەتر بەتە ئاراوە. بەڵام، ئەم گەشەپێدانکاریییە بە شێوەیەکی خەباتی و حەتمی ڕووندەدات، بەڵکو ئاراستە و ئەنجامەکەی پەیوەندی بە هاوسەنگیی هێزە چینایەتییەکان و توانای جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە.

لێرەدا جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان گەشەپێدانکاری لە ناو سەرمایەداریدا و گەشەپێدانکاری لە پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی خودی سەرمایەداریدا دەردەکەوێت. یەکەمیان دەتوانێت شێوازەکانی کارکردنی سیستەم بگۆڕێت، بەبێ ئەوەی بنەمای چینایەتی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بگۆڕێت، بەڵام دووەمیان پێویستی بە گەشەپێدانی بنەڕەتی لەخودی ئەو پەیوەندییانەدایە. هەر لەو چوارچێوەیەدا، پرسەکە ئەوەیە ئایا تاچ ڕادەیەک ئامرازە ماکرۆئابوورییەکان دەتوانن قەیرانەکانی سەرمایەداری کۆنترۆڵ بکەن، بە ئەوەی سەرچاوە بنەڕەتییەکانیان بگرێن.

لە ڕوانگەی ئەم ڕەخنەیەوە، کەشکانی وەبەرهێنان، دابەزینی ڕێژەی قازانج و نائارامیی بازاڕ نابێت تەنها وەک کێشەیەکی تەکنیکی لە ڕێکخستنی سیاسەتی نەقدی و دارایی سەیر بکرێن. بەڵکو دەبێت ئەو پەیوەندییە مێژوویی و چینایەتییانەش لەبەرچاو بگیرێن کە لە چوارچێوەیاندا بەرهەمهێنان، کێشەکەی سەرمایە و دابەشکردنی قازانج ڕێکدەخرێن.

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی ئابووریی سەرمایەداری لە قۆناغە قەیرانئامێزەکاندا، ئەوەیە کە وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان بە تەنها بە بوونی ئامرازەکانی سیاسەتی نەقدی و دارایی بەردەوام نابن. تەنانەت ئەگەر بانکە ناوەندییەکان ڕێژەی سوود کەم بکەنەوە و مەرجەکانی قەرزگرتن ئاسانتر بکەن، ئەمە بەخۆی گەرەنتیی زیادبوونی وەبەرهێنان لە بەرهەمهێنانی ئاستقینەدا نییە. ئەگەر کەمپانیاکان و وەبەرهێنان دووچاری کەمی ڕێژەی قازانج ببنەوە، یان بازاڕی فرۆشتن و خواستی بەرهەمەکان لاواز بێت، نزمکردنەوەی ڕێژەی سوود لەوانەیە بە تەنها نەبێتە هۆی زیادبوونی وەبەرهێنان. بەپێچەوانەوشەوە، بەرزکردنەوەی ڕێژەی سوود بە کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان دەتوانێت تێچووی قەرز زیاد بکات و فشار لەسەر وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان دروستبکات. بەم شێوەیە، ئامرازەکانی سیاسەتی نەقدی لە نێوان دوو ئامانجی قورسدا دەجووڵێن: کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان و پاراستنی چالاکیی ئابووری.

بەڵام کێشەکەش لەمەش قووڵترە، ئەگەر کێشەی وەبەرهێنان و قازانج تەنها بە گەیشتن بە ڕێژەی سوود چارەسەر نەکرێت، ئەوا دەبێت بپرسین ئایا کێشەکە تەنها لە شێوازی بەڕێوەبردنی ئابووریدایە، یان پەیوەندی بە خودی شێوازی بەرهەمهێنان و کێشەکەی سەرمایەوە هەیە.

ئەم پرسیارە جیاوازیی نێوان چارەسەرکی تەکنیکی بە کێشەیکی ئابووری و لێکەوینەوە لە هەکارە مێژوویی و پێکهاتەییەکانی ئەو کێشەیە دەخاتە ڕوو. لەبەر ئەوە، ڕەخنە لە ئابووریناسانی بەرژوازی باو ناباتە تەنها لەسەر ئەوە بوەستێت کە ئایا مەدەلێک دەتوانێت بە دروستی گەشەکانی هێزی سوود، چاوەڕوانییەکانی بازاڕ یان هاوسان پێشبینی بکات. پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە ئەم مەدەلانە تا چ ڕادەیەک دەتوانن هەکارەکانی قەیران لە چوارچێوەی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و کۆلۆکەی سەرمایەدا ڕوونبکەنەوە. لێوانگێیەکی ڕەخنەییەوە، ئاگەر شیکردنەوەیەک قەیران تەنها بە کێشەیک لە ڕێکخستنی چاوەڕوانییەکان، سیاستی بانکە ناوەندییەکان یان هەڵەی بەیارە تاکەکەسییەکان بزانێت، لەوانەیە ئەو پێوەندییە بنەڕەتییانە لەبەرچاو نەگرێت کە قەیران لە چوارچێوەیاندا دروست دەبێت.

بەم پێیە، کێشەکە تەنها ئەوە نییە کە ئابووریناسانی بەرژوازی لە پێشبینیی قەیرانەکاندا هەڵە دەکەن، یان ئامرازەکانیان لە هەموو بارودۆخێکدا کاریگەر نین. کێشەی قووڵتر ئەوەیە کە چوارچێوەی تیۆریی ئەوان تا چ ڕادەیەک توانای ڕوونکردنەوەی قەیران و سنووردارکردنی هەیە. ئاگەر قەیرانەکان تەنها وەک ئەنجامی هەڵەی سیاستی نەقدی، نەبوونی متمانە یان ناڕێکیی چاوەڕوانییەکانی بازاڕ لێکبدرێنەوە، ئەوا ڕەنگە ئەوەی لە بنەڕەتدا پێویستی بە لێکەوینەوەیە، واتە پێوەندیی نێوان قازانج، وەبەرهێنان، بەرهەمهێنان و ملمانێی چینایەتی، لە چوارچێوەی شیکردنەوەکەدا جێگایەکی تەواوی نەبێت. لەڕەدا ڕەخنەکە لە سنووری توانای پێشبینی تەدەپەڕێت و دەگاتە سنووری چوارچێوەی تیۆرییەکە بە تێگەیشتن لە خودی قەیرانەکە.
لەهەمان کاتدا، مەدەلەکانی جێگیرکاریی "ماکرۆئابووری" هەوڵ دەدەن چوارچێوەیەکی تیۆری بە تێگەیشتن لە کاریگەریی سیاستی نەقدی و دارایی، چاوەڕوانییەکانی بازاڕ و هێزی سوود دابینبکەن. ئەم مەدەلانە دەتوانن یارمەتیی شیکردنەوەی هەندێک لە دیاردە "ماکرۆیکۆنۆمی" یەکان بدەن، بەڵام، توانای شیکردنەوەی دیاردەکان بەتەنها بەگەی ئەوە نییە کە هەکارە پێکهاتەییەکانی قەیرانیشیان ڕوون کردووەتەوە. بە نموونە، کۆنترۆڵکردنی هاوسان دەتوانێت یەکێک لە ئامانجەکانی سیاستی ئابووری بێت، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە ئەم سیاستانە بە چ نرخێکی کۆمەڵایەتی بەدەست دێن و بارگرانییەکانیان لەسەر کام چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان دەکەوێت.

ئەگەر کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان بە سیاسەتێک بگاتە ئەنجام کە بێکاری زیاد بکات، کرێ بخاتە ژێر فشار یان توانای چینی کرێکار بۆ داواکردنی مافەکانی و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی لاواز بکات، ئەوا پێویستە ئەم کاریگەرییە کەمایەتییانەش لەگەڵ ئەنجامە ماکرۆئابوورییەکانی سیاسەتەکەدا هەبسەنگێنرێن. لەو بارودۆخەدا، جێگیریی نرخەکان بەتەنها ناتوانێت ببێتە پێوەرێکی تەواو بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی ئابووری، چونکە دەبێت بپرسین ئەم جێگیرییە چۆن بەدەست هاتووە، کێ تێچووی پاراستنی داوە و کام پێوەندییەکانی دەسەڵات و بەرهەمهێنان بەهێزتر بوونتەوە.

دەبێت ئاماژە بۆش بکرێت، لەم نێوەدا دەوڵەت لە سیستەمی سەرمایەداریدا تەنها دامەزراوەیەکی بێلایەن نییە کە لە دەرەوەی پێوەندییە ئابووریەکان وەستابێت. دەوڵەت بە یاسا، سیاسەتە دارایی و نەقدییەکان، ڕێکخستنی بازاڕی کار و دامەزراوەکانییەوە بەشێکە لە چوارچێوەی کەمایەتییەک کە بەرهەمهێنان و کۆکردنی سەرمایەی تێدا ڕێک دەخرێت.

بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە دەوڵەت بتوانێت لە هەموو بارودۆخێکدا ڕاستەوخۆ لە خزمەتی هەموو بەشەکانی سەرمایەدایە بێت. پێوەندیی نێوان دەوڵەت و چینە کەمایەتییەکان پێوەندییەکی ئاڵۆز و کاریگەریی فشاری کرێکاران، بزووتنەوە کەمایەتییەکان و ناکۆکییەکانی ناو خودی چینە خاوەن سەرمایەکانیش لەسەر سیاسەتەکان دەبێت.

لە کۆتاییدا، خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئابووری بۆ خۆی ناتوانێت وەڵامی پرسیارە بنەڕەتییەکانی قەیرانی سەرمایەداری بداتەوە. ئەگەر مەدەلێک بتوانێت هەندێک لە میکانیزمەکانی بازاڕ و سیاسەتی نەقدی ڕوونبکاتەوە، ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە هۆکارە مێژووییەکان و چینایەتییەکانی قەیرانیشی چارەسەر کردووە. لەبەرئەوە، لەجیاتی ئەوەی تەنها بپرسین چۆن دەتوانرێت سەرمایەداری بە باشتر بگۆڕدرێت، دەبێت ئەم پرسیارەش بخەینە ڕوو: ئایا پێوەندییە بنەڕەتییەکانی ئەم سیستەمە دەتوانن بەردەوام هەمان قەیرانەکان بەرهەمبهێنن، تەنانەت کاتێک ئامرازەکانی بگۆڕدرێن؟

لەرەدا پێویستی بە گیان بەدوای ئەلتەرناتیفێکی تر دەردەکەوێت، ئەلتەرناتیفێک کە تەنها لە بگۆڕدنی باشتر و جێگیرکردنی سیستەمدا کورت نەبێتەوە، بگرە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی دەسەڵات و سامانیش بخاتە ژێر پرسیارەوە. لەم بارودۆخەدا، ئاماژەی "جەرج ماگنەس" ڕاوێژکاری ئابووریی پێشووی UBS، لە ساڵی ٢٠١١دا لە بلومبێرگ، کە بانگەشەی دەکرد "شانسێک بۆ

کارل ماركس بدەن تاكو جيهان ڕزگاربكات، جەگای سەرنجە.” ئەمەش بانگەشەيەش دەتوانێت وەک نيشانەيەک لە گرنگيی گەورانەوە بە بابەخنەی ماركس لە سەرمايەداری بخوێندرێتەوە، بانگەوازێک بە دووبارەكردنەوەی پرسيارە بنەڕەتييەكانی لەبارەی قەيران، قازانج و داهاتووی سيستەمی سەرمايەداری.

ئينتيداب و داڕشتنی ئينتيدابی بەريتانی لە عێراق و شوێنەوارەكانی بەسەر باشووری كوردستاندا.. ئاكۆ عەبدوڵا

سيستەمێكی ژێرفەرمانی يان ئينتيداب (Mandate System) نوێبوونەوەيەكی بوو، ساڵی 1919 دوای جەنگی يەكەمی جيهانی بەپێی ماددەی 22 لايەن كۆمەڵەی گەلان داهێنرا كە تێيدا هاتبوو (ئەو زەويانەی لە وڵاتە ژێركەوتووەكانی جەنگ {عوسمانی و ئەڵمانی} دابڕاون و دانيشتوانەكانيشی ناتوانن خۆيان بەڕێوەبەرن، دەكەونە ژێر فەرمانييەتی ئەو وڵاتە پێشكەوتوو و بەتوانايەی دەستی بەسەرداگرتووە، تا بەهۆی لێهاتوويی و ئەزموونی ئەو بتوانن ئامادەبن بۆ خۆبەڕێوەبەری). كۆمەڵەی ناوبراو ئەوەی بەچاكترين بژاردەی گرتنە ئەستۆی بەرپرسياريەتی دانابوو. بەڵام بەو كارەی ڕەوايەتی درا بە داگيركەر تا ئەو شوێنانەی كە لە وڵاتە ژێركەوتووەكانی جەنگ بەردەستی كەوتوون دايانبڕێ و بيانخاتە ژێر هەژموونی خۆی، تا ئەو كاتەی ئامادە دەبن و دەتوانن پارێزگاری لەسەربەخۆيان بكەن. كەواتە لێرەدا پاساوی پاشكەوتووی سياسی و ئابووری و ئەزموونی كارگێڕی كرا بە ئامراز و هۆكار بوو بۆ دەستبەسەرداگرتنی بونياد و تواكان و قۆرغكردنی سامان و سەرمايەی ئەو شوێنانەی كە بگومان پێشتر پلانيان بۆ داڕژرابوو. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت ماندانی شێوازێكی نوێی داگيركاری و كۆنياليزمی بوو، بۆ بڕگێكی ياسايی نووسراوەتی داپشرابوو. هەموو ئەو شوێنانەش كە لەلايەن وڵاتەسەركەوتووەكانی وەك بەريتانيا و فەرەنسا

کەوتنە ژێر رژێمی ئینتیداب، دەست بەسەر جومگەکانی سوپا و دارایی و سیاسەتی دەرەوەیاندا گیرا، هەرچەندە رووکەشیانە قەوار و ناویان دیار بوو.

ئینتیداب کۆمەڵێك ئاستی بۆ دانرابوو، بەگوێرەی گۆشەندن و ئامادەیی شوێنەکە بۆ سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبەری. جۆری (A) تایبەت بوو بۆ وڵاتانێی کۆ ئامادەییان باش بوو و نزیکبوون لۆ سەربەخۆیی، وەک عێراق و سوریا و لوبنان. جۆری(B) بۆ ئەو ناوچانەی کۆ پێویستیان بۆ کات و سەرپەرشتی زیاتر هەبوو، وەک زەربەی داگیرگەکانی پێشووی ئەڵمانیا لۆ ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئەفریقا و دوورگەکانی میلانیسیا، لەوانە (بوروندی و پاپوای نیو گینیا و تۆگۆ). جۆری (C) تایبەت بوو بەو ناوچانەی کۆ بەهێی کەمی دانیشتوان یان دووری جوگرافی، بە بشتێك لۆ خاکی وڵاتی سەرپەرشتیکار دادەنرا، وەک باشووری ڕۆژئاوای ئەفریقا و هەندێك دوورگەی زەریای هێمن کۆ پێوەندییان بۆ ئیمپراتۆرییەتی ژاپۆنەوە هەبوو. دوای وەستانی جەنگی دووەمی جیهانی سیستەمی ئینتیداب هەوەشێنرا، بەڵام هاوشێوەی ئەو لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان سیستەمی ڕاسپاردەی نوودوونێتی(Trusteeship System) لەو شوێنانە پەیەوکرا کە هێشتا سەربەخۆییان زەوتکرابوو. لێرەدا پێویستە ئەوە لەبیر نەکەین سیستەمی (پاراستن protection system) یش هەیە، کە ئەویشیان شێوەیەکی دیکەی داگیرکارییە و لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە دەرکەوت، تایبەت بوو بەو ناوچانەی کە ڕووکەشانە لەناوخۆیاندا سەربەخۆن بەڵام لە کاروباری دەرەوە و ئاسایش و بەرگریکردن، لەلایەن ئەو وڵاتە بەڵێوە دەبرا کە لەژێر هەژموونیدا بوو، وەك وڵاتانی کەنداوی عەرەبی کە ئەوسا لەژێر پاراستنی بەریتانیادا بوون، وڵاتی مەغریب کە لەژێر پەیمانی پاراستنی فەرەنسیدا بوو.

ئینتیدابی بەریتانی بەسەر عێراق و خۆبات بۆ سەربەخۆیی
بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914 – 1918) بەریتانیا چاوی بڕیبووە زێر بەشی دەوڵەتی عوسمانی. لەسەرەتای جەنگەکەش کە دژی یەکتری وەستابوون، بەریتانییەکان لە باشوور بە هێزکی زۆری سەربازی هێرشیان کردە سەر عێراق. تا دەهات زیاتر بەرەو باکوور هەڵدەکشان. ساڵی 1917 بەسەرکایەتی جەنەڕال (ستانلی مۆد) توانیان بەغدا بگرن. ئەوسا وەهایان ڕاگەیاند ئەوان وەك فریادەڕەس هاتوون و گەرەکییانە ناوچەکە لە دەسەڵاتی عوسمانی پاك بکەنەوە کە ببووە بارێکی سەخت بەسەر دانیشتوان.

دوای وەستانی جەنگەکە بەریتانیا هاوشێوەی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەوروپا، بە بیانوی پاراستن و ڕزگارکردنی ئەو ناوچانە، بەتەواوی دەستی بەسەر لایەنی سیاسی و ئابووری عێراقدا گرت. ساڵی 1920 کەمەڵەی گەلان لە کۆنفرانسی (سان ڕیمۆ) ئینتیدابی بەریتانی بە عێراق پەسەند کرد. ئەو دەرەنجامەش ساڵانێکی درێژ عێراقی کردە پاشکۆ و کاریگەری نەرێنیشی لەسەر سیاسەت و ئابووری و پێگەکەی جێهێشت. هەرچەندە بەدرێژایی ماوەکە بەریتانیا بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئامانجی یارمەتیدانی عێراقە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی، بەڵام مەبەستی سەرەکی بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی بوو لە ناوچەکە. بەگومان لەبەرامبەر ئەو بڕیارە ناهەوایەی کەمەڵەی گەلان، دانیشتوانی عێراق بەدەنگ نەبوون، لە مانگی حوزەیرانی ئەو ساڵە لە زێر ناوچە ڕاپەڕین ڕوویدا و شۆشێکی گەورەی جەماوەری لێکەوتەوە و کەمەڵەك داواکارییان خستە بەردەم دەسەڵاتی داگیرکەر، لەوانە ئازادی و پاراستنی سەروەری نیشتمانی و ڕاتکردنەوەی دەسەڵاتی بیانی. داگیرکەریش بە هێزی سەربازی شۆشێکەی سەرکوت کرد و خێڵکێکی زۆریشی کوشت و زۆر شوێنیشی وێران کرد، بەڵام ناچار بوو ڕێەوی سیاسەتەکەی بگۆڕێ. ئەوەبوو بەسەرپەرشتی سەر (پێرسی کۆکس) ی ڕاوێژکاری سیاسی بەریتانی، حکومەتی کاتی لە عێراق بەسەرکایەتی کەسایەتییەکی دیار کە (عەبدولڕەحمان گەیلانی) بوو پێکهێنا. لە ئاداری ساڵی دواتریش لە کۆنگرەی ڕێژەهەڵاتی ناوەڕاست کە لەلایەن ئۆفیسی کۆلۆنیالی بەریتانی و بە سەرکایەتی خودی (ونستۆن چەرچل) لە قاهیرە بەڕێوەچوو، بڕیاری دامەزراندنی دەسەڵاتێکی پادشانشینی لە عێراق درا و ڕۆژی 23 ی ئابی ئەو ساڵە لە ژێر ئینتیدابی بەریتانی، (فەیسەڵ کوڕی شەریف حوسێن) کرا بە پادشای دەوڵەتی نوێی عێراق. ئەوسا بەریتانیا وای نیشان دا عێراق خاوەنی حکومەتێکی شانشینییە، بەڵام سیاسەت و بڕیارە گرنگەکانی ئەو حکومەتە لەژێر هەژموونی بەریتانیادا بوو. داگیرکەر لە ڕێگەی پەیماننامە و ڕاوێژکارە سیاسی و سەربازییەکانی، دەیزانی چۆن دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ. وەك ئەوەی ڕۆژی 10ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1922 لە ڕێککەوتنامەی شاری قاهیرە کە لەنێوان عەبدولڕەحمان گەیلانی و پێرسی کۆکس بەسترا و بە پەیماننامەی (ئینگلۆ-عێراقی) ناسراوە بڕیاردرا بەریتانیا دان بە فەیسەلی یەکەم وەك پادشای عێراق بهێنێ و لە بەرامبەریشدا عێراق لەژێر دەسەڵاتی (مێندێت) ی بەریتانیدا بمێنێتەوە و کاروباری دەرەوە و بازرگری و دارایی خۆشی بخاتە دەست بەریتانیا.

لەو ماوەیە چەندین گۆڕانی سیاسی لە عێراق ڕوویدا. ڕاستە پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوەکان پێکهێنران کە بەشێک بوون لە پێرۆپەدانی

سیستەمی نوێی دەوڵەت، بەڵام ئەو دامەزراوانە بە تەواوی سەربەخۆ نەبوون. ئەمەو راستە بەریتانییەکان پەرەیان بەهەندێك لە دامەزراوەکاندا، لەوانە ئینگا و پێستە و تەلەگراف، بەڵام ئەو کارانەیان زیاتر بە خزمەتی بەرژەوەندیێ سیاسی و ئابووریێکانی خۆیان بوو، نەك بە خۆشگوزەرانی خەڵکی عێراق. پاش هێنان و بردنەکی زۆر 3 ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1932 بەریتانیا رازی بوو عێراق ببێتە ئەندامی (کۆمەڵەی گەلان)، بەوەش ئینتیدابی بەریتانی کۆتایی پێهات و شانشینی عێراق سەربەخۆیی فەرمی بەدەستهێنا. بەڵام هێشتا بەگوێرەی پەیمانی رۆژی 30 حوزەیرانی ساڵی 1930 نێوان (نوری سەعید)ی سەرۆك وەزیرانی عێراق و (فرانسیس همفریز) ی مەندوبی سامی ئەوسای بەریتانی لە عێراق، بەریتانیا کۆمەڵێك ئیمتیازاتی لە عێراق پێدرابوو کە دەبوایە عێراقییەکان ساڵانەکی دیکە چاوەڕوان بن بە سەربەخۆیی تەواو، ئیمتیازاتەکان گەورە و کاریگەربوون لەوانە :- ماناوەی هێزی سەربازی بەریتانی و جولاندنیان لە خاك و ئاو و ئاسمانی عێراقدا. نەدەبوایە کاروبار و سیاسەتی دەرەوەی عێراق لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا ناکۆك بێ. دەستبەسەرداگرتنی کۆگەکانی نەوت کە ئەوەیان یەکێك بوو لە ئامانجە گرنگەکانی بەریتانیا.

شۆڕەوارەکانی ئینتیدابی بەریتانی لەسەر پرسی کورد لە باشووری کوردستاندا

دوابەدوای راگەیاندنی حکومەتی نوێی عێراق کە ئەوسا لە هەردوو ولایەتی بەغدا و موسڵ پێکهاتبوو، چارەنووسی ولایەتی موسڵ کە زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەی کوردە یەکلا نەکرابەوە. تورکیا داوای گەڕاندنەوەی ئەو ولایەتەی دەکرد بە پاساوی ئەوەی دوای وەستانی جەنگەکە داگیرکراوە. بەریتانیاش لەبەر گرنگی هەکەوتەی ناوچەکە و دەوڵەمەندی لە یەدەگی نەوت و کانزاکانی دیکە، بە توندی داکۆکی لەوە دەکرد دەبێت ئەو ولایەتە لە چوارچێوەی عێراقدا بێت. کێشەکە درا بە کۆمەڵەی گەلان. دوای پێکهێنانی کۆمەڵێك لێژنە رۆژی 5 حوزەیرانی ساڵی 1926 لە رێککەوتنامەی (ئەنقەرا) خاوەندارییەتی ئەو بەشە بە عێراق بەخشرا و بەگوێرەی هێلی برێکسلیش سنووورەکەی دیاری کرا. بەوەش بەشێك لە کوردستانی گەورە کە بە باشووری کوردستان ناسراوە، جیاکراوە.

بەو جۆرە ئەو بەشەی کوردستان کەوتە ژێر هەژموونی سیستەمی ئینتیداب. بەریتانییەکان لە سەرەتا و بەردەوامیش لەماوەی ئینتیدابەکە بەنی پاراستنی ماف و بەدیهێنانی داواکارییەکانی کوردیان دەدا، بەڵام هەرگیز راستگۆنەبوون، تەنانەت لەبەرامبەر

گرفتەکانی نەوان کورد و حکومەتی عێراقیش زۆربەی جار بە ناەوایی دادوەریان دەکرد. هەردەمیش لەبەرامبەر سیاسەتە توند و چەوتەکانی حکومەت بەرامبەر بە کورد و جیاکاریەکانی، بێدەنگ دەبوون. ناکۆکی نەوان کورد و حکومەتی بەغداش هەکارێك بوو بۆ سستی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی وڵات بەگشتی، بەڵام ئەوە بەلای داگیرکەر گرنگ نەبوو. ئەوەی بەلایەوە گرنگ بوو پاراستنی بڕژەوەندیێ سیاسی و ئابووریێکانی خۆی بوو.

دەکرێت گرنگترین شوێنەوارەکانی سیستەمی ئینتیداب لە عێراقدا بەسەر پرسی کوردی باشوور لەو خاڵانە کورت بکەینەوە:
یەکەم: رەواییدان بە دابەشکردنی کوردستان و دیاریکردنی سنووری نوێ. ئەوەش بووە هۆی ئاوەژووکردنی زیاتر بەش بەش بوونی و پێوەندی دانیشتوانەکەشی لاواز تر بێت.
دووەم: لکاندانی ئەو بەشەی کوردستان بە حکومەتی عێراق، بێبەرەچاوکردنی ویستی زۆرینەی خەڵکەکەی کە کورد بوو، بۆیە دانیشتوانی ئەو بەشە هەردەم خۆیان بە بەشخوراو دادەنا.
سێیەم: ئەو دابەشکردن و لێککردنەوەیە پێچەوانەی بەندەکانی پەیمانی سیڤەر بوو کە تێیدا جۆرێك لە سەربەخۆیی بە بەشێکی گەورە لە کوردستان درابوو.
چوارەم: لە ماوەی ئینتیدابدا، لەبەر جیاوازیکردن و خراپی کارگێڕی و نادادی، کورد چێندان جار لێرە و لەوێ داوای مافە سەرەتاییە مەدەنییەکانی لە حکومەت دەکرد بەڵام بە پشتیوانی سوپای داگیرکەر داواکانیان رەتدەکرایەوە. بەریتانیا هۆزی خۆی بۆ یارمەتیدانی سوپای عێراقی بەکاردەهێنا و ئاپۆڕینۆ کوردییەکانی پێ لەبار دەبرد. بەمەش هەم زیانی زۆر بۆ گوند و شارۆ کوردنشینەکان دەگەیشت، هەمیش هەستی بەمتمانەیی لای کورد بڕامبەر بە بەریتانیا و حکومەتی عێراقی بەهێزتر کرد.
پێنجەم: لەباربردنی دەسەڵاتە خۆجێیەکانی کورد. پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، زۆرێک لە ناوچە کوردییەکان بۆ شێوەی نیمچە سەربەخۆ لەلایەن سەرۆک عەشیرەتەکان بەڕێوە دەچوون. بەڵام ئینتیدابی بەریتانی دەسەڵاتی ناوەندی بەغدای لە کوردستان بەهێز کرد. کەواتە ئینتیدابی بەریتانی نەك بۆ مافەکانی کورد چارەسەر نەبوو، بەڵکو پرسی کوردی لەو بەشە تازە جیاکراوە، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نوێ جێهێشت کە هەردەم وەك بێگانە لێیدەڕوانی. لەوەشەوە بناغەی ناکۆکییەکان (نەتەوەیی، نەژادی) سەریهەڵدا کە تا ئێستا گێژاوێکە و هەورنەبۆتەوە و هیچ ئاسۆیەکیش بەدیناکرێت!

کوردستان لە لێواری بنبەستی ناسیۆنالستدا.. عوسمانی حاجی مارف

هاوکاتی قەیرانی ئابووری، ئاو گرژیە ئەمنی و سەربازیانەی لە ناوچەکەدا بەدی دەکرێن، پێشبینی دەکرێت، کە سەرەتای قۆناغێکی نوێ و مەترسیدارە بۆ ڕەوتە ڕادیکاڵەکانی ناوەڕاست، لە هەمان کاتدا پەرەچێت گەورەترین مەترسی لەسەر دەخی ئابووری و سیاسی کوردستان و عێراق دابنێت، بە لەبەرچاوگرتنی پشتبەستنیان بە نەوت و هەناردەکردنی، هاوکات کاردانەوەکانی داخستنی گەرووی هورمز و بەردەوامی پێککەوتنی ڕێشتنی نەوتی عێراق بە بازاڕە جیهانیەکان، هەروەها مامەڵەی دەسەڵاتی سیاسی لە گەندەڵی و تاڵانچێتیدا، کە ئاکامی پێکهاتەی دەسەڵاتی میلیشیایی بنەماڵە و تائیفیە، بەمەش فشارێکی زیاتر دەخەنە سەر ئاستی دابەزینی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و خەڵکی هەژار و زەحمەتکەش.
ئەمە بەردەوامی دەخێکی تایبەتە لە ڕەڕەهەاتی ناوەڕاستدا، بەهەی کاریگەری ڕاستەوخۆی داگیرکاری و شەڕانگێزی ئەمریکا و ستراتیژی نەخشەکانی لە ناوچەکەدا پێشهاتووە، کە بابەتێکی تێپەڕو کاتی و سادە نیە، کاتێ کە ناوچەکە لەم ناجێگیریە سیاسی و گۆڕاوەدا، بەرەوڕوی هەڕەشە و مەترسی زیاتر دەبیتەوە، دەخێک بەجۆرێک کە خودی وڵاتان و لایەنە سیاسیەکانی دەخیل لە خولقاندنی ئەم دەخەدا، ناتوانن و نازانن چۆن کۆتایی بەم قەیران و گۆڕاو و بارگرژیە بهێنن، دەخێک بە بە ئاسایی و ئاڵۆزی ڕادەگرێت، لە کاتێکدا دەسەڵاتی بنەماڵە و تائیفی وئۆحزابی ناسیۆنالستی دوای دەورانێکی زۆر بە گرەدانی دەور و ئایندەی سیاسیان بەم دەخەوە، ئەستا خەیان و ئایندەی عێراق و کوردستانیان، لە چاوەڕوانی دەخێکی پر گرفت و ئاڵۆز و نادیاردا ڕاگرتووە، لە لایەکی ترەوە بەشەرمانە منەتی بەبەهای گاتەجاری پاڕەوانبازی خەیان بە پاراستنی عێراق و کوردستان بە خەڵک دەفرۆشنەوە.!

لە هەرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، بەسەر ئێران و بەردەوامی ئەو دۆخە پێ گۆڕاوە بە حاڵەتی نەشێ نە ئاشتی، هەڕەشەها بە داخستنی گەرووی هورمز، عێراق ڕێگای هەناردەکردنی نەوتی زیاتر لە ٩٠٪ ی لەدەستداوە، ئەگەر ئەم کێشەیە یەکلایی نەبێتەوە، عێراق و کوردستان بەرەو ڕووی قەیرانێکی چڕتر و مەترسیدارتر دەبنەوە.
بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی، پاش تاڵانکردنی بەشی زۆری سەروەت و سامانی کوردستان و پێکردنی گەنجینەکان و بانکەکان بە ملیارەها دۆلار، بەردەوامیان بە تاڵانچێتی، هەر لایەنێکیان وەک هێزێکی جیا و خاوەن بڕژەوەندی جیا و دژ بەیەک، بە پاراستنی هێزکانیان، خەریکن گەمەی بڕژەوەندی سیاسیان لەگەڵ ئەو دۆخەدا بە زیاتر فشار خستنە سەر ژیانی خەڵک بەڕووە دەبەن، بەجیا لووش کە جۆری گاڵتەجاری گەمەکانیان مەترسی بووە بە سەر ئاسایشی خەڵکی، نەیانتوانی و نەیان ویست بە هەوەست و سیاسەتێکی ڕەشن مامەڵەی ئینسانی نیشانبدەن، هەمیشە لەگەڵ هەڵبەزودابەزی دۆخەکەدا لەنگەر دەگرن، دەمێک بە پابەندبونیان بە سیاسەتی ئەمریکی و ئیسرائیل، دەمێک موریدی کەماری ئیسلامین، هەر بۆیە ئێستا لە بڕامبەر بنبەست و چارەنوسێکی نادیاردا بەرەوڕون ولە نەو گۆڕاوێکی سیاسیدا سەمایەکی زەر ناشرین و قێزەون نمایش دەکەن.
لایەکی تریش هەلومەرج و بارودۆخی نالەباری سیاسی بەشەکانی تری کوردستانیش، لەژێر کاریگەری ئەم شڵەژانە و ئاکامەکانیدایە، کە ڕەنگی جدی بووە لەسەر زیاتر بە ئاسایی و بنبەستی حزبەکانی کوردایەتی لە تورکیا و سوریا و ئێراندا، لە دۆخێکی زەر هەستیاردا دەخولێنەوە و بەجۆرێک بە ئاشکرا بنبەستی خۆیان ڕاگەیاندووە، کە لە مێژووی هەسورانی سیاسی بزوتنەوەی ناسیۆنالستی کورددا دەردی وایان نەچەشتووە.
حزبەکانی کوردایەتی، بەگشتی لە ئێستادا فرسەتی ئەویان نیە، یان ناتوانن و ناکرێ، هاوکاری و هاریکاری لە گەڵ یەکتردا پێکبهێنن، یان لەسەر مەسەلەیەکی دیارکراو بڕیارێکوتنێک بگەن، هەر لایەنێکیان لە سوچێکی ئەم گۆڕاوەدا دەردەدڵی خۆی دەکات و چاوەڕوانی هەوە و فرسەتێکی ترن، هەرچیەکیش بەسەر خەڵکدا دێت بە منەتن!.
هەر لە "دیداری میری"دا قسەکانی نەچیر بارزانی و پێزەکانی نێک ناتوانێ وەڵام بە هیچ گرفتێک بداتەوە، بەڵکو کێشەکانی نیوانیان زیاتر دەشێوێنێت، چونکە بزوتنەوەی کوردایەتی لە ئێستادا دەورانێکی پاشکۆ و بەسەروبەر و بەهودە بەسەر دەبات، ئاسۆ و مەیدانێکی کراوە لە سەر ڕێگایان نیە.
هەر لەم بەسەروبەریەدا، پێنا بە هەر فریادڕەسێک دەبەن لەم گۆڕاوە دەریان بهێنێ ، تەکێ بونی بارزانی لەگەڵ ئەحمەد شەرعی سوریادا و

ناونانی بۆی ‘دوژمانیەتی کورد” ناکات، ئومێد بەستن بە دەستایەتی ئەحمەد شەرع، پاشکۆی هەوەستیان بەرامبەر ئێران، ترسیان لە داعش، ئەو سەرگەردانییە لە سیاسەتی هەژموونی بنەماڵەدا کە هەوە ئەدەن بە هەر بەهایەک بێت خۆیان لەگەڵ ئەو دەخەدا بگونجێین.
بە وردبوونەوەی زیاتر لە سروشتی ئوبۆزیسیۆنەکانی ئێستا، ململانێی جەمسەرەکان و وڵاتانی ناوچەکە، ناوچەکەیان لە دەخێکی بنبەست و تاریک و ناسەقامگیر و قەیرانا ویدا ڕاگرتووە، کە بواری هێزی حزبەکانی کوردایەتی بەبنبەست گەیاندووە.
زلهێزە گەورە و ناوچەییەکان تا ئەو کاتەی دەخەکە کنترۆڵ دەکەن و ئاسایشی سەرمایەگوزاری دابین دەکەن، یان تا ئەو ساتەی دەگەن بەو ئاکامەی دەتوانن بەرژەوەندیەکان دابەش بکەن، هەوئەدەن ململانێکان لە لەواری ئەم ئاژاوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەدا بەرەوبەرن، لە هێگەی گەمارۆ ئابووریە پەککەوتووەکان و یاریکردن بە وڵاتان و هێزە سیاسیە ناوخەییەکان، تاکاتێکی نادیار بەردەوامی بەم دەخە ئەدەن، بەبێ ئەوەی بخزێنە ناو شێکی هەمەلایەنە و تێچووی زەرەوە کە بەرژەوەندیەکانی هەمووان لە ناو ببات.!
ئامانجی ستراتیژی ئەکتەرە نەودەوڵەتیەکان، “گەینی ژەم” یان “بنیاتنانەوەی دەوڵەت” نییە، بە مانای گەیانی پێشڕەوی و ئاوەدانێک بەقازانجی کرێکاران و خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش، بەڵکو زیاتر ئەوەیە قەیرانەکان لە دەخێکی گرژی هەمیشەیی گەرمدا بمێننەوە، فرسەت بە دەورو دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا لەقاڵب بدەن و بەم شێوەیە جەماوەری ناڕازی زیاتر بە ئیرادەکەن، بەم شێوەیە هێواییە بە ئامادەبوونی ستراتیژیان دەدەن و بەرژەوەندیە دژە ئینسانیەکانی زلهێزەکان دەپارێزن.
پەرتبوونی هەواشی خەڵکی ناوچەکە (بە عێراق و کوردستان و تورکیا و ئێران و خەلیج و هەروەاتێکی تری ناوچەکە) فەرمێکی ململانێی زەر وڕانکەرتر لە شێوەی ئاسایی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هیچ ئەنجامێکی یەکلایکەرەوە بەدەست ناهێنێت، کۆمەڵگاکان پاڵ دەنێت بە دەخێکی چەقبەستووی سیاسی و کۆمەڵایەتی درێژخایەن.
سیستەمی سەرمایەداری جیهانی کە قەیرانا ویە، لەم دەخەی ئێستادا کاریان لەسەر میکانیزمی ئابووریەکی وڕانکەر، کە لە ئاستی جیهان بە گشتی و لە ژاپۆنەوە تا ئیتاڵیا بە تایبەتی لەحاڵەتێکی گرژی هەمیشەیدایە، نە شێکی وڕانکەر کە بازرگانی بە تەواوی ڕابگرێت و نە ئاشتیەکی بەردەوام کە پەویستی چەک و پاراستن کەم بکاتەوە، تا بەردەوامی گرێبەستە بەرفراوانەکانی چەک و کنترۆڵکردنی نرخی وزە و پاراستنی دارایی و وبەرهێنان مسۆگەر بکەن.

ئەم واقعە کاریگەری کاریگەساتبار، لەسەر دەوڵەت و قەوارە کرێنشینەکانی هەرێمەکەمان بەتایبەتی هەرێمی کوردستان هەیە و دەیانخاتە ناو کەمبوونەوەی دارایی و ئیفلیجی سیاسی بەردەوام، لەبەر نەشنایی هەموو ئەمانە و لە ئەنجامی نەبوونی تەواوەتی هیچ نەشناییەک، نەگەی دەرچوون زۆر دوور دەمێنێتەوە، خەریکە ناوچەکە و دانیشتوانەکەی بە دیلکراوی دەهێنێتەوە بە دەخەکی سەرلێشێواوی بەردەوام.

لایەنگەکانی ناسیۆنالستی کورد بەگشتی لەم قۆناغەدا ترس و دڵەڕاوکێیان پەوە دیارە، هەروەها نائاشنن بەرامبەر بەوەی دەتوانن چی بکەن و چیان دەستدەکەوێت، خەریکن بە بارمتەی تەسک و ملکەچی زیاترەوە تەسلیم بە پاراستنی دەسکەاتی بنەماکێیی و مانەوەی هێزە میلیشیاکانیان دەبن، بەشێرمانە خەیان ئادەستی ئەم دەخە دەکەن، ئەوەی گرنگە بیان مانەوەیە گەر بەرەو ڕووی هەر سەوایەکیش ببنەوە.

بە مانایەکی تر، بنبەستی تەواوی بزوتنەوەی ناسیۆنالستی کوردە لە خەبەستنەوەیان بە چارەسەری مەسەلەی کوردەوە، تەواوی ئایدیەلۆژی داگرتووان لە پەیوەندە بە مەسەلەی کوردەوە بەشکستەکی گەورە سپاردووە، پاراستنی هێزەکانیان و سەروەت سامانیان گرنگترین مەسەلەیانە.

لە ئاکامدا ئەم دەخە بە هاتنە مەیدانی ناڕەزایەتی ڕەخنەڕاو و بەرفراوانی جەماوەری، لە ئاستی ناوچەکەدا، دەتوانێت کەتایی بەدەوری زلهێزەکان و هێزە میلیشیاکان و دەسکەاتی تائیفی و بنەماکێیی و ئیسلامی سیاسی و هەرهێزەکی کۆنەپەرست بهێنێت، لە هەمانکاتدا دەتوانێت ئاوگەکی جدی لە پەیوەند بە بەرژەودندی خەڵکەوە تیا بەدەست بێت، ئارامی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی بەدەوری ئیرادە و هێز و دەسکەاتی ئاستوخەی خەڵک لەدەسکەاتی سیاسیدا مەیسەر دەبێت.

پایەی زمان لە پێکهاتەی

ژیاردا.. ستار ئەحمەد

زمان پێکهاتەیەکی زیندوو و بنەڕەتییە کە وەک شانەی هەزری و دەرخەری چەقی ڕەحی مرۆڤایەتی کار دەکات، هەروەها هەڵگری کلیلە هەرە گرنگەکانە بۆ بنیاتنان، گەشەپێدان و پاراستنی فەرهەنگ و ناسنامەی کۆمەڵگە جیاوازەکان. لە مێژووی کۆنەوە تا سەردەمی مۆدێرن، زمان تەنها ئامرازێکی سادە نەبووە بۆ گواستنەوەی زانیاری یان پەیوەندیکردنی ڕووکەش، بەڵکو هەزێکی ڕووخێنەر و ئاوەدانکەرەوە بووە کە بنچینەی شارستانییەتەکانی دامەزراندووە، کۆمەڵگەکانی پێکەوە بەستووەتەوە و ڕێگەوی مێژووی مرۆڤایەتیی ئاراستە کردووە. لە جیهانی ئاڵێزیدا، زمان دەبێتە پێکهاتەیەکی سەرەکی کە بیر، هەست، و هۆشیاریی بەکۆمەڵ تێیدا شێوە دەگرن و تێوانینی مرۆڤ دەبێنە قۆناخێکی باڵاتری تێگەیشتن و زانینەوە.
لە ڕوانگەی دەروونی و هەزرییەوە، گۆشەی زمان و مرۆڤ پێکەوە گرێدراون و لە یەک کاتدا ڕووبەری هۆشیاریی مرۆڤ فراوانتر دەکەن. کاتێک مرۆڤ لە قۆناخەکانی سەرەتایی تەمەنیدا دەست دەکات بە فێربوونی وشە و دەربڕینەکان، لە هەمانکاتدا دەست دەکات بە ڕێکخستنی جیهانی ناوەکی خۆی؛ زمان مەشک ئادەمیزاد لەسەر بیرکردنەوەی ڕێکوپێک، ژیریی ڕاستەقینە، شیکارکردنی ئاڵێزیەکان و دەزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان. مرۆڤ بەبێ زمان ناتوانێت چەمکە ئاڵۆزەکان، هەستە بۆتینەکان، یان خەیاڵە فراوانەکانی بگەیەنێتە ئاستی تێگەیشتن و دەربڕین. زمان وەک پردێک وایە لە نێوان جیهانی ناوەوەی مرۆڤ و جیهانی دەرەوەدا، و دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاک بتوانێت واتا بە بوونی خۆی لە گەردووندا بدۆزێتەوە و بیانخاتە چوارچێوەیەکی ڕوونەوە. لە ڕێگەی زمانەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت بڕوانەکانی خۆی دەربڕێت، لێکۆڵینەوە لە دیاردەکان بکات، بگاتە داهێنان ، و بەردەوام لە ئاستێکی بەرزی زانین و تێگەیشتندا بمێنێتەوە.
لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، زمان ڕێگەیەکی یەکلاکەرەوە دەبینێت لە بەستنەوەی تاکی کۆمەڵگە بەیەکەوە و دروستکردنی هاوسەنگی و یەکێزی لەنێوان ئێندامەکانیدا. زمان ناسنامەی بەکۆمەڵی کۆمەڵگە پێکدەهێنێت و دەبێتە ئەو بەستەرە پتەوەی کە مێژوو، کلتور، نەریت، و بڕوا بەرزەکان لە نێوان نەوەکاندا دەگوازێتەوە. کاتێک گروپێکی مرۆیی بە هەمان زمان قسە دەکەن و دەدوێن، ئەوا هەستێکی هاوبەش بە بۆئاگابوون، هاوسۆزی، و پێکەوەبوون لەنێوانیاندا دروست دەبێت کە دەبێتە قۆڵغانێکی بەهێز لە بەرامبەر دابەشبوون و لێک

هەوشانەوەدا. زمان پەل لە نیشانە و هەمای کۆمەڵایەتی کە لە ڕۆگەیانەوە تاکەکان فێر دەبن چۆن لەگەڵ یەکتردا هەڵسووکەوت بکەن، ڕێز لە بەهاکانی یەکتر بگرن، و پێکەوە سیستەمکی ئاکاریی و یاسایی دابمەزرێنن کە ڕۆگری لە پێکدادان بکات و ئارامی بپارێزێت.
پەیوەندی نێوان زمان و کلتور پەیوەندییەکی زیندەگی و دانەبڕاوە؛ زمان دایک و پارێزەری کلتور و کلتوریش ژینگە و ناوەڕۆکی زمان دەوڵەمەند دەکات. هەر زمانێک خاوەنی تایبەتمەندییەکی کلتوریی تایبەت بە خۆیەتی کە تێیدا ئەزموونی دێرین سان یان سەدان سالی نەتەوەیەک یان کۆمەڵگەیەک تۆمار کراوە. کاتێک زمانێک گۆشە دەکات و دەوڵەمەند دەبێت، کلتووری ئەو کۆمەڵگەیەش دەچێتە ئاستێکی باڵاتری پێشکەوتنەوە، چونکە زمان کارەستەی سەرەکییە بۆ دروستکردنی وێژە، هونەر، فەلسەفە، و زانست. شاعیران، نووسەران، و هزرمەندان لە ڕۆگەی بەکارهێنانی زرنگی و جوانی زمانەوە دەتوانن گەورەترین پەیامەکان بگەیەنن و گیانی کۆمەڵگە لە خۆو ڕابپڕێنن. بە پێچەوانەشەوە، کاتێک زمانێک لاواز دەبێت یان بەرەو پووکانەوە دەچێت، کلتووری پشت ئەو زمانەش ڕوو لە شەواندن و لەدەستچوون دەکات، چونکە ئەو کۆمەڵگەیە دەستبەرداری ئەو ڕێگ و ڕیشە هزرییانە دەبێت کە بوونی ئەوی لەسەر بەندە.
لە بواری ئابووری و زانستیشدا، زمان پێگەیەکی زۆر مەزنی هەیە لە گۆشەپانەدانی شارستانییەتدا. پێشکەوتنی زانستی، تەکنەلۆژی، و پیشەسازی پەیوەستی بە زمانێکی ڕوون، وورد، و دەوڵەمەند هەیە کە بتوانێت هاوشانی پێشکەوتنە خێراکانی سەردەم گۆشە بکات. زمانی زیندوو و دەوڵەمەند توانای ئەوەی هەیە کە چەمکە نوێیەکان وەربگرێت، دایانڕێژێتەوە، و بیانگوازێتەوە بۆ نەو کۆمەڵگە بە ئەوەی لە هەموو بوارەکاندا سوودیان لە وەربگیرێت. لە ڕۆگەی زمانێکی پێشکەوتووەوە، پەیوەندییە ئابووریەکان ڕێکدەخرێن، پرسەکانی بەرهەمهێنانی زانست ئاسانتر دەبن، و داهێنانەکان دەبنە هەی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە. کاتێک زمانێک توانای پێشکەشکردنی زانست و زانیاریی بە زمانێکی پێتی و ڕوون هەبێت، دەرگای نوێ بەڕووی گەنجان و توێژەکانی تری کۆمەڵگەدا دەکاتەوە بۆ ئەوەی بەشداریەکی کارا لە پێشکەوتنی جیهانیدا بێتە ئاراوە بۆئەوەی هەست بە نامۆیی بکەن.
پەروەردە و فێرکردنیش بوارێکی تری هەستیارن کە زمان تێیدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە گۆشەسەندنی هزری و زانستی نەوەکانی داهاتوودا. زمان خاڵی دەستپێک و کۆتایی پرسەی فێرکردنە؛ چۆنیەتی فێربوونی منداڵان لە قوتابخانەکاندا بەستراوەتەوە بەو زمانەی کە وانەکانی پێ دەوترێتەوە. زمانی دایک بۆتایبەتی دەوری یەکلاکەرەوەی هەیە لە

گۆشەپێدانی زمانی منداڵ و بەرزکردنەوەی توانای لێکدانەوە و تێگەیشتنی دروست لە سروشت و کۆمەڵگەدا. فێربوون بە زمانی دایک یارمەتی مێشک دەدات کە زانیارییەکان بە خێرایی و بە شێوازێکی سروشتی وەرگرێت، شیکاری بکات، و داهێنەرانە بەکاری بهێنێت. کاتێک پرسەی پەروەردە لەسەر بنەمای زمانی زگماکی بێت، ئەوا منداڵ لە قۆناخەکانی سەرەتایی ژیانیدا هەستی متمانە بەخۆبوون و ناسنامەی کەسایەتی بەهێزتر دەبێت، و توانای فێربوونی زمانەکانی تریش لە داهاتوودا ئاسانتر و فراوانتر دەبێت.
لە لایەکی تریەوە، گۆشەی زمان هەمایەکی ڕووبی پێشکەوتنی هێشاریی ئامیاری و دیموکراسییە لە کۆمەڵگەکاندا. لە کۆمەڵگەیەکدا کە زمان تێیدا ئازاد، دەوڵەمەند و بەپێز بێت، بەچوونەکان دەتوانرێت بە ڕووبی و بە لایەنی دڕبەدڕێن، گفتوگۆی مەدەنی و بنیاتنەر لە نێوان چین و توێژەکاندا دروست دەبێت، و ماف و ئازادییەکان بە شێوازێکی باشتر دەپارێزرێن. زمان لێرەدا دەبێتە زەمینەیەک بۆ لە یەک تێگەیشتن، گفتوگۆکردن لەسەر کێشە چارەنووس سازەکان، و گەیشتن بە چارەسەری ئاشتیانە بە ناکۆکییە کۆمەڵایەتی و ئامیارییەکان. زمانی پاراو و دەوڵەمەند ڕێگری لە تووندوتیژیی هزری و زمانی دێکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەزری ئازاد و ڕەخنەگر گۆشە بکات، کە ئامانجی بنەمای سەرەکی بۆ هەر کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و دیموکرات پێکدەهێنن.
سەرەڕای ئەم هەموو بایەخە مەزنە، زمان لە سەردەمی ئێستادا ڕووبەڕووی تەحەدای گەورە و مەترسیداریش دەبێتەوە. گەڕانکارییە خێراکانی تەکنەلۆژیا، جیهانگیری، و تێکەڵاوبوونی کلتورەکان هەندێک جار دەبنە هۆی پەراوێزخستنی زمانە ناوخێیەکان و لاوازکردنی توانای هزری و کلتوریان. هێرشەها، بەکارهێنانی زمان بۆ شێوازێکی ڕووکەش و دوور لە بنەما وتێیی و زمانەوانییەکان دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی گوزارشتکردن و بیرکردنەوە لەنێو نەوە نوێیەکاندا. بۆیە پاراستن، گۆشەپێدان، و دەوڵەمەندکردنی زمان تەنها کارێکی ڕووکەش نییە، بەڵکوو ئەرکێکی نیشتمانی، ئاکاری و هزرییە کە پێویستی بە هەوڵی بەردەوام هەیە لە ڕێگەی بەهێزکردنی پەروەردە، گرنگیدان بە وتێ و نووسین، و دابینکردنی پێویستییە زانستی و هونەرییەکان بۆ ئەوەی زمان بتوانێت بەردەوام بێت لە پێشڕەوتیکردنی گۆشەی کۆمەڵگەدا.
پەرەپێدانی زمانی کوردی لە سەردەمی تەکنەلۆژیای مەدەرندا ئەرکێکی هەستیار و نیشتمانییە کە پێویستی بە هەوڵێکی هەمەلایەنە هەیە بۆ ئەوەی ئەم زمانە کۆن و دەوڵەمەندە بتوانێت هاوشانی خێرایی پێشکەوتنە سەردەمییەکان هەنگاو بنێت و لە فەرمە دیجیتاڵییەکاندا

شۆنپەی خەی بکاتەوە. لە جیهانی ئێستادا کە سەکەکانی زیرەکیی دەستکرد، گەیانی ئەلیکترۆنی، و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوارەکانی ژیانیان داگیر کردووە، بوونی ناوەندێکی زانستی، ئەدەبی و تەکنەلۆجی بە زمانی کوردی دەبێتە مەرجەکی بنەڕەتی بۆ مانەوە و گەشەکردنی بەردەوامی زمانەکە لە مەودای درێژخایەندا. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، دەبێت ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان، نووسەران، و شارەزایانی زمان پێکەوە کار بکەن بۆ دروستکردنی بنکەی زانستی زمانی، فەرهەنگی ئەلیکترۆنی، و داهێنانی نەرمەواڵەی تایبەت کە یارمەتیدەر بن لە بەدیجیتاڵکردنی دەقە کوردییەکان و ئاسانکردنی پرۆسەی بەکارهێنانی لە سیستەمە کۆمپیوتەرییەکاندا. هاوکات، فراوانکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بوارەکانی زانست، پزیشکی، زانیاریناسی و بەڕێوەبردن داوا دەکات کە فەرهەنگێکی دەوڵەمەند لە وشە پێتییەکان و زاراوە هاوچەرخەکان بۆپێنا نەهێرێنەوە، بەڵکو بە شێوازێکی زانستی داڕێژرێن و بۆاو ببنەوە بە ئەوەی نەوەی نوێ بتوانێت بە هیچ کێشەیەک زانیارییە جیهانییەکان بە زمانی زگماکی خەی وەربگرێت و پەرەی پێ بدات. لە لایەکی ترەوە، پێویستە پڕۆگرامەکانی خوێندن و ناوەندەکانی فێرکردن بایەخێکی زیاتر بە بەهێزکردنی بنەماکانی ڕێزمان و شێوازی نووسینی دروست بدەن، چونکە پاراستنی پێتیبوونی زمان لە نێو کەرەستە دیجیتالییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دا دەبێتە قەڵغانێک لە بەرامبەر داڕمان و تێکچوونی ناپێویست بە زمانەکانی تردا. بەم شێوازە، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا نەک تەنها مەترسی نابێت بە سەر زمان، بەڵکوو دەبێتە گەورەترین دەرفەت بۆ ئەوەی زمانی کوردی سنورە جوگرافییەکان ببڕێت و ببێتە خاوەنی پێگەیەکی شایستە لە جیهانی زانیاری و ئاراستەکانی داهاتووی مرۆڤایەتیدا.

ڕێی وڕێ، هەنراوەو پەخشان لە گۆشەپەدان و پاراستنی زمانی کوردیدا پایەیەکی زۆر بنەڕەتی و یەکلاکەرەوەیە، چونکە لە درێژایی مێژوودا ئەدەب تەنها کەرەستەیەکی سادە یان هەکارێکی دەربڕینی هەستەکان نەبووە، بەڵکوو وەک قاڵبێکی مەزن کاریکردووە بۆ ئاگرتنی هەستیاری، دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ، و گەیاندنی لایەنە هزرییەکانی نەتەوەیەک. لەو سەردەمانەی کە کلتور و زمان هووبەووی گوشار و کەنارگیرکردن دەبوونەوە، نووسەران و شاعیران توانیویانە بە هەنراوە پڕ لەواتا و پەخشانی بەپێزیان دەوڵەمەندیی فەرهەنگ و هەزی داشتنی زمانەکە بپارێزن. وشە لە ڕۆگەی دەقی ئەدەبییەوە تەنها ئامرازێکی گەیاندنی هووکێش نییە، بەڵکوو بارگاوی دەبێت بە وێنەی هزری، جوانیی سیمبولی، و ڕیتمی ڕۆحی کە وا لە زمان دەکات زیندوو بمێنێتەوە و بەرەو باڵابوونی زیاتر هەنگاو بنێت.

گۆشەندنی کۆرستە ئەدەبییەکان و داشتنی پەخشانی هاوچەرخ یارمەتیدەرکی گەورەیە بۆ فراوانکردنی ڕووبەری وشەسازی و ڕەوانبێژی لە فەرهەنگی بکەمەدا. کاتێک نووسەران بۆ تێگەیشتنکی دروستۆ دەست بە کشکردنی زاراوە پەتییەکان و نوکردنۆی شێوازی گوزارشتکردن دەبن، ئاستی تێگەیشتنی هزریی خوێنەر بەرز دەکەنۆ و مشکی بکارهێنەران ئادەهنن لسەر دزینۆی مانای دووەمەند بەبێ پەنابردن بۆ کۆرستەی بیانی. هەنراوە بۆ ڕیتم و شێوازی تایبەتی خۆی یادگی بکەمەی کەمێگ پاراو دەکات و وشە دگمەنەکان لە بیرچوونۆو دەپارێزێت، لە کاتێکدا پەخشان و لکۆینۆو هزرییەکان توانای زمانەکە لە شیکارکردنی ئاڵۆزییە زانستی و کەمەیاتییەکاندا دەخەنە ڕوو. لە لایکی ترەو، ئاڵنگارییەکانی جیهانگیری و گۆڕانکارییە خراکان لە دنیای ئەمڕۆدا وا دەکەن کە ڕۆژ.لە بەهزکردنی ناسنامەی نەتەوەییدا زیاتر لە هەموو کاتێک دەرکەوێت. جیهانگیری لگۆ خۆیدا شێپەلکی گەورەی فەرهەنگی و زمانی هێناوە کە دەتوانێت ببێتە هۆی شێواندن یان لاوازکردنی زمانە ناوخۆییەکان؛ لەڕەدا دەقی ئەدەبی ڕەسەن دەبێتە بەربەستک لە بەرامبەر لەدەستچوونی پەکهاتە و تایبەتمەندییە کلتورییەکانی زمانەکەدا. بەکارهێنانی زمانی ڕەوان لە وێژەدا، هانی نۆە نوێیەکان دەدات کە نک تەنها وەک ئامرازکی ڕۆژانە سێیری زمانەکەی خۆیان بکەن، بەڵکوو وەک سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی بیر، جوانی، و شانازیی کلتوری تێی بگەن. ئەزموونی ئەدەبی خاوەن پگۆ دەتوانێت پردک لە نێوان ڕابردووی دەوڵەمەند و ئایندەی سەردمیانەدا دروست بکات، بە شێوازک کە زمانەکە لەسەر بنەما ڕەسەنەکانی خۆی بمێنێتەو و لە هەمان کاتدا توانای وەڵامدانۆوی پەداویستییە نوێیەکانی هزری سەردەمی هەبێت. پاراستنی ڕەسەنایەتیی زمان لە ڕۆگی وێژەو، لە ڕاستیدا پاراستنی ئەو ڕۆحە زیندووەیە کە ژیانی هزری و کەمەیاتیی پە بەردەوام دەبەخت، و زمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی کەمێگ بە شێوەیکی سەربەخۆ، ئازادانە و بئاگایانە لە گۆشکردنی بەردەوامدا بێت.

لگۆ فراوانبوونی ڕووبەری پێوەندییەکان و تکەڵاوبوونی خراڵە جیهانی هاوچەرخدا، زمان دەبێتە ئەو قەڵغانە پتەوەی کە هۆشیاریی نەتەوەیی و فیکریی تاکەکان لە داهمان و توانەو دەپارێزێت. هەر کەمێگەیک ئاگەر بیەوێت پگۆی خۆی لە نێو گەردوونی زانیاریدا بسەلمێنێت، دەبێت گرنگییەکی بەوێنە بە زمانەکەی بدات و وەک کۆرستەیەکی سەرەکی بە بەرهەمهێنانی زانست و داهێنان سێیری بکات. کاتێک زمان توانای هەبوو وەڵامدانەوەی بە سەرجەم پەداویستییە نوێیەکانی زانست، تەکنەلۆژیا، و فەلسەفە هەبێت، ئەوا تاکەکانی

کۆمەڵگە هەستی متمانە بەخۆبوونیان زیاتر دەبێت و بە شێوازێکی کاراتر و چالاکتر بەشداری لە پڕۆپەدانی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا دەکەن، چونکە زمان تەنها ئامرازێکی گەیاندن نییە، بەڵکو خودی بوون، ڕۆح، مێژوو و ئایینداری گەشاوی کۆمەڵگەیە.
زمان بەرزترین و کاریگەرترین داهێنانی مرۆڤایەتی دەمێنێتەوە کە تەیدا ئابردوو، ئێستا، و داهاتووی کۆمەڵگە پێکەوە گرێدراون. زمان تەنها کەرەستەیەک نییە بۆ گەیاندنی پەیام، بەڵکوو خودی ئەو ژینگەیەیە کە تێیدا بیر، کلتور، شارستانییەت، و مرۆڤایەتی گەشە دەکەن و باڵا دەبن. هەموو پێشکەوتنێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و زانستی پەیوستی بە زمانێکی زیندوو، دەوڵەمەند و پێشکەوتوو هەبووە و دەبێت، چونکە نەتەوەیەکی خاوەن زمانی بەهێز، هەمیشە خاوەنی ناسنامەیەکی زیندوو و ئایینداریکی گەش و پڕ لە داهێنان دەبێت.
پاراستن و پێشکەوتنی زمان، لە بنەڕەتدا پاراستن و پێشخستنی خودی مرۆڤ و کۆمەڵگەیە بەرەو لوتکەی بەرزیی هۆشیاری و شارستانییەت.

جانامەی گردوونیی مرگی مرۆڤ.. شیعری نوزاد بەندی

ئەو هەموو ئامرێیان دزیوە و
مرۆڤیان وون کرد ..
شەقامەکان پڕ بوون لە ئوتومبیل..
ئاسمان پڕ بوو لە تاوەر،
گۆڕستان و
شێتخانە و
زیندان و
خەستخانەکانیشیان پڕ کرد لە مرۆڤ ..
ماڵەکانیان پڕ کرد لە ڕوناکیی،
دڵەکانیان پڕ کرد لە تاریکیی ..

ڕۆژێک دێت،
ئەوانەی کە ئەمرن،
ئاهەنگیان بۆ ئەگێڕن و

ئەوانەی لە دایک ئەبن، پرسە .

بە قەڵەمکی سوور ،
هەڵکی پەچاوپەچیان کەشا و
ناویان لە نا سنوور ..
نەیانهێشت کەس بچێتە دەر
نەیانهێشت کەسیش بێتە ژوور ..
نان و
ئاو و
دەرمان و
شیری منا
لەو دیو سنوور ئاوستەنران ..
ئیتر ئەژانە ژمارەی
ئەو منا و
پیرەمەردانە باس ئەکران
کە بە برستیی و نەخۆشیی،
لە دار ئەدران …

ژمارەیەکی حیسابیی
نە سفر و ..دوانزە سفریان،
کرد بە موکی پیاوکوژەکی
زەمبی دە ئەق ..
نانی نەهێشت، هەمووی دزی ..
ئاوی نەهێشت، هەمووی فرێشت ..
نەوتی نەهێشت ..
دایبی نەهێشت ..
هەمووی فرێشت ،،
خەوی نەهێشت ..
پەکەنینی پابەند کرد
بە کەوچکە چێشت ..
گسکی دا لە داب و نەریت ..
میزی کرد بە خووەوشتا ..
جێتە و شەکرەی بەرزکردەوە و ..
مرۆڤی لەو نشەوانەدا
بەجێهێشت ..

ئێستا ئیتر …
مردن بووە بە دیاریەکی نهێنی ..

زۆری نەماوە، ببێتە
بە نەیەک و ..
دەست ماچ کردن و خوازبێنی ..
زۆری نەماوە ،
وەک سەری غاز و بەنزین،
لە پارشووەوە بەی ێیز بن ..
وەکو خەبات و مزگێنی ..

هەرچی هەژتان ماوە ،
بیپەچنەوە و
بیدەن بە تەمپ و
سەرکە بەینباخ لە ملکان ..
دنیا موکی بە چەند و چوونی ئەوانە ..
هەژ و شەوتان زەر خەسار کرد،
بە دیار خەم و
چاوەوانی موچە و دامەزراندن و غاز ..
قیستی شوقە و ..
هی قەنەفە و ..
هی کەمپانیای مناەچکەی سیاسەتباز ..
ئەوەی ماوتانە لە تەمەن،
پێشکێشی کەن بە تەمەنی
سەرکی فەرماندە و دەگمەن ..
هەمووتان بە قوربانی بن ..
بە تەزی پە و میوانی بن ..
ئەو لە سکی دایکتانەوە،
داگیر و پاوانی کردوون ..
ئەم مەمرە و مەژیەتان لە چی ؟
وەها وە بیلاهی مردوون ..